سەرۆکی ئەرکانی ئیسرائیلی هۆشداریی دەدات لەبارەی دەرهاوێشتەکانی دانوستانی ئەمریکا لەگەڵ تاران

سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئیسرائیل، هۆشداریی بە بەرپرسانی ئەمریکا داوە لەبارەی "دەرهاوێشتەکانی" دانوستان لەگەڵ تاران بە نێوەندگیری تورکیا، هەروەها زانیاری هەواڵگری "هەستیار"ی سەبارەت بە دەسیسەی ئێران لەگەڵ لایەنی ئەمریکی ئاڵوگۆڕ کردوە.

ماڵپەڕی "واڵا"ی ئیسرائیلی بڵاویکردەوە، ئایال زامیر سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئیسرائیل، لە میانی کۆبونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی، هۆشدارییداوە لە "دەرهاوێشتەکانی" دانوستان لەگەڵ تاران بە نێوەندگیری تورکیا.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە کە زامیر زنجیرەیەک کۆبونەوەی لە ئاستی باڵا لە واشنتن ئەنجامداوە، کە تێیدا زانیاری هەواڵگری "هەستیار"ی سەبارەت بە دەسیسەی ئێران لەگەڵ لایەنی ئەمریکی ئاڵوگۆڕ کردووە.
لایخۆیەوە ڕۆژنامەی "یەدیعوت ئەحرەنۆت" لە زاری سەرچاوە ئاگادارەکانەوە بڵاویکردەوە، سەردانەکەی زامیر، گفتوگۆی چڕوپڕی لەبارەی ئەگەری وەشاندنی گورزێکی سەربازی لە ئێران لەخۆگرتوە.